نرخی نەوت بەرز بوویەوە

نرخی نەوت لە بازاڕەکانی جیهاندا گیشتە بەرزترین ئاست بەهەی زیادبوونی خواست لەلایەن چین و ئەمریکاوە، سەرەڕای ناکۆکییەکان لە ڕژەهەڵاتی ناوەڕاست.

گرێبەستە دواخراوەکانی خامی برێنت 1.12 دۆلار یان 1.36% بەرزبوونەوە و گیشتە 83.55 دۆلار بە هەر بەرمیلێك، کە بەرزترین ئاستە لە 30ی تشرینی دووەمی ڕابردووەوە.

هەروەك خامی ڕۆژئاوای تێکساس 65 سێنت یان 0.85% بەرزبوونەوە بە 78.01 دۆلار بە هەر بەرمیلێك.

هەردوو جۆری خامەکە دەستکەوتی هەفتانەیان زیاتر لە 6% بوو، ئەوەش زۆرترین زیادبوونی هەفتانەیە لە 13ی تشرینی یەکەمەوە.